# وقائع كوردستان


الجريدة الرسمية لأقليم كـوردســتان - تصـدر مــن قبــل وزارة العــدل

العدد (٢٩٦) السنة ثالث و العشرون ٣٠/ كانون الثاني /٢٠٢٣ ميلادي ١/ ريبەندان / ٢٧٢٢/ كوردي ٨/ رجب/١٤٤٤هجري

**296**


The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice

## فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط


| | |
|---|---|
| نظام رقم (١) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الصحة | ص ١ |
| تعليمات رقم (١٣) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الصحة | ص ٧ |
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العدل | ص ١٢ |
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الداخلية | ص ١٣ |
| تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الداخلية | ص ١٥ |
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٢ وزارة البلديات والسياحة | ص ٢٣ |
| تعليمات رقم (٢٢) لسنة ٢٠٢٢ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٢٧ |
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٢ نقابة اطباء كوردستان | ص ٢٨ |
| بيان رقم (١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٣١ |
| بيان رقم (١-٢) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العدل | ص ٣١ |
| بيان رقم (١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ص ٣٢ |
| بيان رقم (٧١-٧٢) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الصحة | ص ٣٢ |


**No. 296 Date: January , 30 , 2023 Vol.: 23**


Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٩٦) ساڵی بیست و سێ ٣٠/ کانونی دووەم/ ٢٠٢٣/زاینیی ١٠/ڕێبەندان/٢٧٢٢/ کوردی ٨/ڕەجەب/١٤٤٤ کۆچی

296

**پەیڕەوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی تەندروستی** — ل ١

پەیڕەوی سندوقی کۆمەك بۆ توشبوانی شێرپەنجە

**ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی تەندروستی** — ل ٧

ڕێنمایی ئاسانکاریی لە جیبەجێکردنی یاسای سندوقی کۆمەک بۆ توشبوانی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان- عیراق ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٢

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی داد** — ل ١٢

تایبەت بەکاری جێبەجێکاری دادی

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی ناوخۆ** — ل ١٣

هەمواری یەکەمی ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی شوفێری ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی ناوخۆ** — ل ١٥

ڕێنمایی دروستکردنی کۆمەڵگەی (کڕین و فرۆشتن و چاککردنەوەی چەکی ئاگرین) و شوێنی ڕاهێنان لەسەر بەکارهێنانی چەك، و سەنتەری مەشق و ڕاهێنانی کارمەندانی کۆمپانیای ئەمنی

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار** — ل ٢٣

ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی ئاهەنگێڕان لە شوێنە گەشت وگوزارییەکان لە هەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی دارایی و ئابووری** — ل ٢٧

تایبەت بە پاداشتی ئەنجومەنی شارەوانیەکان

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ سەندیکای پزیشکانی کوردستان** — ل ٢٨

تایبەت بە ئابوونەی سەندیکا

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی دارایی و ئابووری** — ل ٣١

**بەیانی ژمارە (١ و ٢)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی داد** — ل ٣١

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی** — ل ٣٢

**بەیانی ژمارە (٧١ و ٧٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی تەندروستی** — ل ٣٢

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ٢١٣٥٢ لە ٢٢ /٢٠٢٢/١٢**

پاڵپشت بە بڕگەی شەشەم لە ماددەی سێیەم لە یاسای سندوقی کۆمەک بۆ توشبوانی شێرپەنچە لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە(١١) ساڵی ٢٠١٢ بریارماندا بە دەرکردنی پەیڕەوی ناوخۆ سندوق بەم شێوەی خوارەوە:

**پەیڕەوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**پەیڕەوی سندوقی کۆمەک بۆ توشبوانی شێرپەنجە**

**ماددەی (١):**

**یەکەم: پێناسەی سندوقی کۆمەك**

سندوقی کۆمەك بۆ توشبوانی شێرپەنجە سندوقێکە خاوەن کەسایەتی مەعنەویە لە رووی دارایی و کارگێریەوە سەربەخۆیە و بەستراوەتەوە بە وەزارەتی تەندروستی، ئەم سندوقە تایبەتە بە هۆشیارکردنەوە و دەستنیشانکردنی پێشوەختە و زوو دۆزینەوە و چارەسەرکردنی توشبوانی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان لە رێگەی گشت رێکارەکانی هۆشیارکردنەوەی کۆمەلگا و دابینکردنی ئامێر و دەرمان و پێداویستی پزیشکی و تاقیگەیی بۆ زوو دۆزینەوە و دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی توشبوانی شێرپەنجە لە ناوەوەی هەرێم یان لە دەرەوەی هەرێم وە خستنە ڕووی داتای ئەم سندوقە بۆ وەزارەتی تەندروستی و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەمەش لە رێگەی تۆمارکردنی توشبوانی شێرپەنجە .

**دووەم: زاراوەکان**

ئەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنێت بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیڕەوە:

**هەرێم**: هەرێمی کوردستان - عێراق

**وەزارەت**: وەزارەتی تەندروستی هەرێم

**وەزیر**: وەزیری تەندروستی هەرێم

**سندوق**: سندوقی کۆمەك بۆ توشبوانی شێرپەنجە لە هەرێم

**ئەنجومەن**: ئەنجومەنی بەرێوەبردنی سندوقی کۆمەك بۆ تووشبوانی شێرپەنجە

**سەرۆك**: سەرۆکی ئەنجومەنی بەرێوەبردنی سندوق

**تووشبوو**: تووشبوانی شێرپەنجە.

**ماددەی (٢): ئامانجەکانی سندوق**

١- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان دەربارەی نەخۆشیەکانی شێرپەنجە.

٢- دانانی پلانی کورتخایەن و پلانی درێژخایەن بۆ رێگریکردن و زوو دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی تووشبووانی شێرپەنجە.

٣- بەرزکردنەوەی ئاستی خۆپارێزی لە نەخۆشی شێرپەنجە.
٤- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری خۆپارێزی و دۆزینەوەی پێشوەختە وە چارەسەر بۆ نەخۆشیەکانی شێرپەنجە.
٥- دانانی پرۆگرامی دەسنیشانکردنی پێشوەختە بۆ نەخۆشیەکانی شێرپەنجە لە دامودەزگا تەندروستیەکان.
٦- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری چارەسەری شێرپەنجە بەهۆی دابینکردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و ئامێری پزیشکی و پەرەپێدان بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی لە ڕێگەی پەرەپیدانی شیانی کارمەندەکان و پزیشکەکان لە بواری زانستی.
٧- کەمکردنەوەی ڕێژەی توشبوون بە شێرپەنجە لە ریگەی هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە و خۆپارێزی.
٨- کەمکردنەوەی ڕێژەی کەم ئەندام بوون (اعاقة) بەهۆی شێرپەنجە لەرێگەی زوو چارەسەرکردن.
٩- بە دواداچونی هۆکارەکانی توشبوون بە شێرپەنجە و ریگری کردن لە هۆکارەکان.
١٠-دابینکردنی ئامێری پزیشکی پێویست بۆ زوو دەستنیشان کردنی جۆرەکانی شێرپەنجە.
١١-دابینکردنی دەرمان و ئامێری پێویست بۆ چارەسەری توشبوانی شێرپەنجە.

**ماددەی (٣): ئەرکەکانی سندوق**

١- دانانی پلانی ستراتیژی بۆ ڕووبەڕووبونەوە و خۆپارێزی و چارەسەری بۆ نەخۆشانی شێرپەنجە لە هەرێم بە هەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار.
٢- گرنگیدان بە سەنتەرەکانی چارەسەری توشبوانی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان و پەرەپێدانیان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.
٣- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و هەڵسەنگاندنی هۆکارەکانی توشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجە.
٤- دانانی پەیڕەوی ناوخۆی کارکردن بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سندوق.
٥- تۆمارکردنی ئاماری توشبوانی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ببێت بە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی زانیاری لە وەزارەتی تەندروستی.
٦- دابینکردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و تاقیگەیی پێویست بۆ سەنتەرەکانی چارەسەری شێرپەنجە لە هەرێم بە هەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار.
٧- دابینکردنی ئامێری پزیشکی بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی توشبوانی شێرپەنجە بەهەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار.
٨- چاودێری کردن و بەدواداچوونی کاری نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان.
٩- دیاریکردنی بودجەیەکی بەکاربەر بۆ سەنتەرەکانی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان بەپێی پێویست و پێدانی دەسەڵات.
١٠-پێدانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی شێرپەنجە بەپێی پێویست وکارەکانیان.

١١- خاوەنداریەتی کردن و پاراستنی سامانی گواستراوە و نەگواستراوە و بەکارهێنانیان بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکان.

١٢- سندوق مافی پەنا بردنە بەر دادگای هەیە لەو مافانەی کە هی خۆیەتی و لەو ئەرکانەی کەلەسەریەتی.

١٣- کارکردن لەسەر زیاتر ناساندنی سندوق لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وخێرخوازان و کۆمپانیاکان بۆ هاندان و پاڵپشتیکردنی دارایی سندوق بۆ زیاتر خزمەتکردنی توشبووان.

**ماددەی (٤): سەرچاوەکانی داهاتی سندوق**

١- ئەو پارەیەی لە حکومەتی هەرێم ساڵانە لە بودجەی گشتی هەرێم تەرخانی دەکات.

٢- بەشی سندوق لە تەرخانکراوەکانی وەزارەتی تەندروستی.

٣- زێدەکردنی ڕێژەی (٥٪) لەو باج و ڕسوماتەی کە دەخرێنە سەر شتومەك و بەرهەمی زیانبەخش بە تەندروستی، چ هاوردە بن یان دروستکراوی خۆمالی بۆ بەرژەوەندی سندوق وەردەگیرێت.

٤- پێبژاردن (غرامة) وەرگیراو بەپێی یاسای قەدەغەکردنی جگەرە کێشان.

٥- ڕێژەی (٥٠٪) لەو پێبژاردنانەی کە لە شتومەك و خۆراکی سەرپێچیکار بۆ مەرجە تەندروستیەکان وەردەگیرێن.

٦- ڕێژەی (٢٥٪) لەو پێبژاردانەی کە بەپێی یاسای چاودێری تەندروستی وەردەگیرێن.

٧- پیتاك و کۆمەك و بەخشین لە دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران، گەر لە دەرەوەی هەرێم بێت.

٨- داهاتی چالاکیەکانی سندوق.

٩- أ. زێدەکردنی ڕێژەی (٥٪) بۆ رەسمی تۆمارکردنی هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلێك و گواستنەوەی خاوەنداریەتی و نوێکردنەوەی ساڵیانە (سنوية) بۆ مەبەستی سندوق وەردەگیرێت.

**ب.** ڕێژەی (٥٪) لەو پێبژاردانەی لە سەرپێچییەکانی هاتووچۆ وەردەگیرێن.

**ماددەی (٥):**

**یەکەم: پێکهاتەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوق**

١- بەڕێوەبەرانی هەر یەك لە سەنتەر و نەخۆشخانەکانی چارەسەری شێرپەنجە لە هەرێم بە مەرجێك:

- سەنتەر یان نەخۆشخانە (بيان فتح) فەرمانی وەزاری هەبێت.
- بەڕێوەبەری سەنتەر یان نەخۆشخانەکە فەرمانی وەزاری هەبێت.

٢- نوێنەری وەزارەتی تەندروستی کە بە نوسراوی فەرمی وەزارەتی تەندروستی دادەنرێت.

٣- نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری کە بە نوسراوی فەرمی وەزارەتی دارایی دادەنرێت.

٤- شارەزایەك (کە پزیشکی دەرمانساز بێت) و راوێژکارێك لە پسپۆڕان لە ناوەوە و دەرەوەی میلاکی وەزارەت بەپێی تایبەتمەندی خۆیان کە بە نوسراوی فەرمی وەزارەتی تەندروستی دادەنرێت.

**دووەم: سەرۆکی سندوق**

سەرۆك لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەن بە هەڵبژاردن دادەنرێت بە ئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی و ماوەکەی چوار ساڵ دەبێت دەکرێت بۆ یەك جار نوێ بکرێتەوە تەنها کاری سندوق بکات(تفرغ تام).

**سێیەم: هەیکەلیەی ڕێکخستنی سندوق**

١- سەرۆکی سندوق.
٢- بەڕێوەبەری جێبەجێکار.
٣- بەشی کارگێری.
٤- بەشی ژمێریاری.
٥- بەشی ووردبینی.
٦- بەشی یاسایی و گرێبەستەکان.
٧- بەشی ڕاگەیاندن و هۆشیاری تەندروستی.
٨- بەشی ئەندازە و پرۆژەکان.
٩- بەشی خزمەتگوزاری تەندروستی.
١٠-بەشی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و تاقیگەیی.
١١-بەشی ئامار و زانیاری.
١٢- بەشی دڵنیای جۆری.
* لە هەر بەشێك دەکرێت هۆبە جیاوازەکان بەپێی پێویستی کارا بکرێت.

**ماددەی (٦):**

**یەکەم: کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن**

١- ئەنجومەن بەلایەنی کەم مانگی یەك جار کۆدەبێتەوە وەلەکاتی پێویست بە بانگهێشتی سەرۆکی ئەنجومەن کۆبوونەوە ئەنجام دەدرێت.

٢- کۆبوونەوەی ئەنجومەن بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان ئەنجام دەدرێت بڕیاریش بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبووان دەبێت وە لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکان ئەو بڕیارە پەسەند دەکرێت کە دەنگی سەرۆکی سندوقی لەگەڵە.

٣- پێویستە ئەنجومەنی بەڕێوەبردن ڕاپۆرتە خولییەکانی خۆی دەربارەی چالاکیەکانی سندوق بەرزبکاتەوە بۆ وەزیری تەندروستی.

٤- ئەنجومەن بۆی هەیە پشت ببەستێت بەوەی کە بە گونجاوی دەزانێت بۆ وەرگرتنی ڕای کە مافی ئامادەبوونی هەبێت لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

٥- وەزیر بەدواداچوونی ئاستی پابەندبوونی سندوق بە حوکمەکانی ئەم یاسایە لە ئەستۆ دەگرێت، گەر بۆی دەرکەوت هاودژیەك لە کار و بڕیارەکانی سندوق لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە هەیە یان سندوق ئامانجەکانی بەشێوەیەکی کارامە و کاریگەر جێبەجێ نەکردووە، ئەوا بۆی هەیە لەسەر ئەوە تانە بگرێت، وە لەحالەتی سووربوونی ئەنجومەن لەسەر ڕای خۆی ئەوا وەزیر بابەتەکە لە ماوەی (٧) ڕۆژ لە ڕێکەوتی تانەکەدا بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرز دەکاتەوە و ئەنجومەنی وەزیران لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا بڕیاری پێویست لەم بارەیەوە وەربگرێت.

**دووەم: ئەرکەکانی ئەنجومەنی سندوق**

١- بەدواداچوونی گشت کارەکانی سندوق کە بە راپۆرتێک مانگانە لە لایەن بەڕێوەبەری جێبەجێکار ئامادە دەکرێت.

٢- بەدواداچوونی لیژنەکانی سندوقی شێرپەنجە.

٣- خستنەڕووی راپۆرتی دارایی مانگانەی سندوق کە مانگانە لە لایەن هۆبەی ژمێریاری سندوق ئامادە دەکرێت.

٤- ئامادەکردنی راپۆرتی سالآنەی تایبەت بە نەخۆشی شێرپەنجە لە رووی ژمارە و خەرجیەکان لەلایەن هۆبە پەیوەندیدارەکان و پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی سندوق بۆ وەزارەتی تەندروستی و ئەنجومەنی وەزیران و دەستەی چاودێری دارایی بەرزدەکرێتەوە.

٥- پەسەندکردنی هەر پرۆژەیەکی نوێ دوای دیراسەت کردنی لەلایەن ئەنجومەن.

٦- پەسەندکردنی هەیکەلیەی سندوق لەکاتی هەر گۆرانکاریەك بە هەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی.

٧- پەسندکردنی ڕێکارەکانی کاری زانستی لیژنەکان.

٨- یەکلایی کردنەوەی هەر کێشەیەك کە نەتوانرا لە ڕێگەی کاری ڕۆژانە چارەسەر بکرێت.

**ماددەی (٧): دەسەڵاتەکان**

**یەکەم:** دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن

١- دەستنیشانکردنی یەکێك لە ئەندامانی سندوق وەك سەرۆکی سندوق بە هەڵبژاردن بە زۆرینەی دەنگ و بە ئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی و دەرچواندنی فەرمانی وەزاری لە ماوەی (١٥) ڕۆژ دوای پەسندکردنی دەرەنجامی هەڵبژاردن بە فەرمی.

٢- سەرۆکی سندوق پێویستە تەنها کاری سەرۆکی سندوق ئەنجام بدات (تفرغ تام).

٣- دانانی فەرمانبەرێك وەك بەڕێوەبەری جێبەجێکاری سندوق بە مەرجێك بڕوانامەکەی کەمتر نەبێت لە بەکالۆریۆس و تەنها کاری سندوق ئەنجام بدات (تفرغ تام) و تەنسیبکردنی ژمارەیەك فەرمانبەر کە وەزارەتی تەندروستی تەنسیبی دەکات بۆ یاریدەکردن و بارەگاکەی لە هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێت.

٤- لادانی بەڕێوەبەری جێبەجێکار بە بڕیاری زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوق دەبێت.

٥- ڕەزامەندی دان لەسەر پڕۆژەی نوێ و پەسەند کردنی بڕی تێچووی هەر پڕۆژەیەك بە زۆرینەی دەنگ.

٦- ڕەزامەندیدان لەسەر دابینکردنی پێداویستی سەنتەرەکانی شێرپەنجە و پەسەند کردنی بڕی تێچووی هەر پڕۆژەیەك.

٧- پێشنیارکردنی هەر گۆڕانکاریەك لە یاسا وە بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێگەی وەزیری تەندروستی.

**دووەم: دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەنجومەن**

١- بانگهێشتکردنی ئەندامانی ئەنجومەن بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی مانگانە یان کۆبونەوەی بەپەلە.

٢- سەرپەرشتی کردنی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی سندوق.

٣- دانانی لیژنەی تایبەتمەند بۆ ڕایی کردنی خزمەتگوزارییەکانی سندوق.
٤- سەرپەرشتیکردن و بەدواداچونی کارەکانی سندوق.
٥- واژووکردنی سەرجەم نوسراوە فەرمیەکانی سندوق.
٦- پەسەندکردنی کۆنووسی لیژنەکان.
٧- دەسەڵاتی خەرجکردنی بڕی (٢٥٠،٠٠٠،٠٠٠) دووسەد و پەنجا ملیۆن دینار بەدەر لە ڕەزامەندی پێشوەختەی ئەنجومەن بۆ هەر پرۆژەیەك کە بە پێویستی دەزانێت بەپێی ڕێنمایی دارایی.
٨- خەرج کردنی بری تێچووی پێداویستیەکانی نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی شێرپەنجە و پرۆژەکان و تێچووی ناردنە دەرەوەی نەخۆش دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی سندوق لە کاتێك لە گوژمەی (٢٥٠،٠٠٠،٠٠٠) دووسەد و پەنجا ملیۆن دینار زیاتر بێت بەپێی ڕێنماییەکانی دارایی.
٩- پەسەندکردنی گرێبەستەکانی سندوق دوای تەواو بوونی ڕێکارە زانستی و کارگێڕی و یاساییەکان.
١٠-نوێنەرایەتی کردنی سندوق لەبەردەم دامەزراوەکان و دادگاکان و بۆنە رەسمی و نارەسمیەکان.
١١-شاندکردنی پزیشك و کارمەندانی تەندروستی (لە سندوق و نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی شێرپەنچە) بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان لە کاتی هەبوونی تەرخانکراوی دارایی دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی تەندروستی.
١٢- پێشنیارکردنی هەر گۆڕانکاریەك لە هەیکەلیەی سندوق وە بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی سندوق.
١٣- دابەزاندنی دەسەڵاتە کارگێڕیەکان بۆ بەڕێوەبەری جێبەجێکار بەپێی پێویست.
١٤- دابەزاندنی دەسەڵاتە ژمێریاری و دارایی بۆ سەنتەرەکانی شێرپەنجە بەپێی ڕێنماییە کارپێکراوەکان.
١٥- دیاری کردنی نوێنەری سندوق بۆ نوێنەرایەتی کردنی سندوق لە دادگا.

**ماددەی (٨):** ڕێنماییەکان

وەزیری تەندروستی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە دەردەکات.

**ماددەی (٩):**

کارەکانی سندوق لەلایەن دیوانی چاودێری دارایی هەرێم ووردبینی دەکرێت.

**ماددەی (١٠):**

ئەم پەیرەوە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**
**ژمارە: ٢١٢٠٩ لە ٢٠٢٢/١٢/٢٠**

پاڵپشت بە ئەحکامی مادده (هەشتەم) لە یاسای سندوقی کۆمەك بۆ تووشبوانی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٢ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:-

**ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**ڕێنمایی ئاسانکاریی لە جیبەجێکردنی یاسای سندوقی کۆمەک بۆ توشبوانی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان- عیراق ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٢**

**ماددەی (١): پێناسەکان**

**یەکەم: هەرێم :** هەرێمی کوردستان - عیراق.

**دووەم: وەزارەت :** وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان.

**سێیەم: سندوق :** سندوقی کۆمەك بۆ توشبوانی شێرپەنجە لە هەرێم.

**چوارەم: توشبووی شێرپەنجە :** هەر کەسێك لە ڕووی زانستییەوە سەلمێندرا کەوا نەخۆشی شێرپەنجەی هەیە بەپێی ڕاپۆرتێکی پزیشکی کە لە یەکێك لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی پسپۆڕی تایبەت بە دەستنیشانکردن و چارەسەریی نەخۆشی شێرپەنجە لە هەرێم یان لە دامەزراوەیەکی پزیشکی باوەڕپێکراو لە هەرێم.

**ماددەی (٢): ئامانج و ئەرکەکان.**

سندوق ئەم ئامانجانەی خوارەوە جێبەجێ دەکات :-

١- پێشکەشکردنی پاڵپشتی دارایی و مەعنەوی بۆ توشبوانی شێرپەنجە کە پێشکەشکردنی چارەسەر و ئەنجامدانی پرۆسەی نەشتەرگەری و دابینکردنی دەرمان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم لەخۆ دەگرێت.

٢- سوود وەرگرتن لە ئەزموون و توانای ئەو نەخۆشخانەو سەنتەرو ڕێکخراوانەی کە پسپۆڕن لەو بوارە لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم و هەماهەنگی کردن لەگەڵیان لەسەر ڕۆشنایی یاساو پەیڕەو و ڕێنمایی بەرکار لە هەرێم.

٣- ئامادەکردنی بەرنامەی ڕاهێنان و هۆشیارکردنەوە کە ئامانجی بریتییە لە بەرەو پێش بردنی بەجێگەیاندن بۆ ئەو کارمەندانەی کە لە بواری دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشی شێرپەنجە.

٤- سندوقی کۆمەك بە هەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی کار بکات بۆ دامەزراندنی نەخۆشخانەو سەنتەری پزیشکی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشانی شێرپەنجە.

٥- ئامادەکردن و کارپێکردنی پرۆتۆکۆلی تایبەت بە دەستنیشانکردن و چارەسەری نەخۆشی شێرپەنجەو بەشێوەیەك کە لەگەڵ بەرژەوەندی نەخۆش و توانای سندوق دابێت.

٦- دابینکردنی چاودێری تەندروستی بەردەوام بۆ توشبوانی نەخۆشی شێرپەنجەو لەوانەش چاودێری کەمکردنەوەی ئازار.

٧- هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لەپێناو پێشکەشکردنی پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی و دابینکردنی چاودێری پاش وەختە (الرعایة اللاحقة) بۆ تووشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە و کەس و کاریان و بەشێوەیەك کە نەهامەتیەکانیان کەم بکاتەوە.

٨- کارکردن لەپێناو پتەوکردنی هاریکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی و هەر ڕێکخراوێکی تر لە پاڵپشتی توشبوی نەخۆشی شێرپەنجە و باشترکردنی جۆری ژیانیان.

٩- پەیڕەوکردنی بەرنامەو ڕێبەرەکانی تایبەت بە خۆپاراستن لە نەخۆشی شێرپەنجە و بنبڕکردنی و بەتایبەتی ئەو جۆرەی کە توشی چینی منداڵ و مێردمنداڵ دەبێت.

١٠-هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ڕێکخستنی وەبەرهێنانی پزیشکی و تەندروستی لە هەرێم بەو شێوەیەی کە پاڵپشتی لە توشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە دەکات و نەهامەتیەکانیان کەم دەکاتەوە.

١١-دابینکردنی ڕاپۆرت و داتاو زانیاری تایبەت بە کاری سندوق و هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەت لە ئامادەکردنی ڕاپۆرت و پلانی ساڵانەو دانانی ئاماژەکانی تایبەت بەپێوانەکردنی (بەجێگەیاندن و دەستکەوتەکان) دوای خستنە بەردەمی ئەنجومەنی سندوق و پەیڕەوکردنیان.

١٢- نوێکردنەوەی داتای ئەو کار و چالاکییەکانی کە سندوق پێی هەڵدەستێ بە شێوەیەکی خولی.

١٣- بەدواداچوون و بەرەوپێشبردنی کارەکانی سندوق و پەیڕەوکردنی باشترین ئامرازو پێداویستی کە دەستەبەری ئەو کارە بکات.

١٤- پۆلێن کردنی توشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە بەپێی گرنگی چارەسەری کە پێویست بکات ڕەوانەی دەرەوەی وولات بکرێن و ئامادەکردنی ئەو ئامراز و شێوە و ڕێککارانەی کە دەستەبەری وەرگرتنی چارەسەرو کەمکردنەوەی ئازار بە زووترین کات کە بکرێت و ئەمەش لە چوارچێوەی (لیستی حالەتە زۆر پێویستەکان و بەپەلەکان).

١٥- ئامادەکردنی پلان و لیست و مەرجی پێشوەختە بەمەبەستی پێشکەشکردنی چارەسەر بۆ توشبوان و دووبارە شیاندنەوەیان لەوانەش تێکڕای تێچوو و باری تەندروستی و ئەو چارەسەرییانەی کە پێویستە وەربگیرێت لە ڕێگای لیژنە تایبەتمەندەکان و لە چوارچێوەی ئەو شێوازانەی کە ئەو لیژنانە دیارییان دەکات.

١٦- ئامادەکردنی دیراسات و توێژینەوەی تایبەت بە نەخۆشی شێرپەنجەو لەوانەش ئامارکردن بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە تایبەتمەندەکان و بە سەرپەرشتی وەزارەت بەمەبەستی هاوەڵکردنی ئەو پێشکەوتنانەی کە لەم بوارە هاتۆتەکایەوە لە جیهان و سوود وەرگرتن لەم پێشکەوتنانە لە پێشکەشکردنی چارەسەرو خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ توشبوان.

١٧- هەماهەنگی و گرێبەست کردن لەگەڵ ئەو پسپۆڕو نەخۆشخانانەی کە تایبەتمەندن لەم بوارە لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم بەپێی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە جێبەجێکراوەکان.
١٨- سندوقی کۆمەك بۆی هەیە یاداشتی لێگەیشتن و هەماهەنگی واژوو بکات لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان تایبەت بە پرسی لایەنە زانستی و پزیشکییەکان و هەر بابەتێکی پەیوەست بە ڕێکخستن و ڕایی کردنی کارەکانی سندوق، و هەر کاتێك دەستکەوتێك یان پابەندبوونێکی دارایی لێکەوتەوە ئەوا دەبێت ئەنجومەنی سندوق داوای ڕای وەزارەت بکات.
١٩- دەستنیشانکردن و ئاشکراکردنی پێشوەختەی نەخۆشی شێرپەنجەو پتەوکردنی ئەم کارە لە ڕێی بەرنامەی هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیری و دروستکردنی سەنتەری پێشوەختە.
٢٠- هاریکاری لەگەڵ کۆمەڵە مرۆییەکانی پەیوەندیدار بە نەخۆشی شێرپەنجەو هەماهەنگی کردن لەگەڵیان لەپێناو پێشکەشکردنی پاڵپشتی پێویست بۆ توشبوانی نەخۆشی شێرپەنجەو بەرەنگاربوونەوەی هۆیەکانی ئەم نەخۆشییەو بنبڕکردنی بە ڕادەی پێویست لەوانەش دیاریکردنی پێشوەختە.
٢١- ئامادەکردنی دیراسات و داتای تایبەت بە توشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە (توشبون، ڕێژەی ئەوانەی کە چارەسەرکراون یان چارەسەردەکرێن، ڕێژەی ئەوانەی کە چاکبوونەتەوە، ڕێژەی مردن) و ئەنجامدانی پێوانەی مەیدانی بۆ دانیشتوان بەمەبەستی دیاریکردنی ڕێژەی توشبوون و هۆکارەکانی و ئەو چینە تەمەنەی کە بە ئامانجگیراوە بەمەبەستی ڕێنوێنی کردنیان لە دانانی ئەو پلان و بەرنامەو ڕێککارانەی کە سندوق ئامادەی دەکات بۆ ئەم مەبەستەو لەوانە پلانی ساڵانەی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی شێرپەنجەو دەستنیشانکردنی پێشوەختەو چۆنیەتی جێبەجێکردنیان.

**ماددەی (٣): دەسەڵاتە داراییەکان :**

سندوق لە پێناو بەدیهێنانی ئامانج و ئەرکەکانی ئەم ڕێککارانەی خوارەوە ئەنجامدەدات :-
١- ئەنجامدان و جێبەجێکردنی ئەو گرێبەست و کەمگرییانەی کە واژوویان دەکات بەپێی ڕێنمایی (جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومییەکان) ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦و لە کاتی تێپەڕاندنی تەرخانکراوە داراییەکان ئەو ڕێژەیەی کە بۆی دیاریکراوە بەپێی یاسا ئەوا پێویستە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەربگیرێت لە ڕێگەی وەزارەتی تەندروستی.
٢- سندوقی کۆمەك هەڵدەستێ بە پێکهێنانی لیژنەکانی کڕین بەپێی ئەو تەرخانکراوە داراییانەی کە پەسندکراوە لەلایەن ئەنجومەنی سندوق.
٣- جێبەجێکردنی بڕگەی (دوو) لە ماددەی چوارەم لە یاسای سندوقی کۆمەك بۆ توشبوانی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٢ کە لە لایەن لیژنەیەکی تایبەت بە

نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی لە دیوانی وەزارەت و ئەندامێتی هەریەك لە نوێنەری ئەنجومەنی سندوق و نوێنەری بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە تەندروستییەکان لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

٤- گشت کارو چالاکی و ڕێککارە داراییەکانی سندوق دەکەوێتە ژێر چاودێری دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێم.

٥- پێویستە ئەنجومەنی سندوق وێنەیەك لە هەر گرێبەستێك کە واژووی دەکات ڕەوانەی دیوانی چاودێری دارایی هەرێم بکات لە ڕێگەی وەزارەتی تەندروستی.

**ماددەی (٤): هەیکەلی کارگێڕی و پێناسەی وەزیفی :-**

**یەکەم:** سندوق لە ژمارەیەك بەش و هۆبە پێکدێت : (کارگێڕی و خۆیەتی، کاروباری یاسایی، گرێبەستەکان، وردبینی، ژمێریاری، دەرمان و پێداوستی پزیشکی، ئەندازەو ئامێری پزیشکی، لیژنەی پزیشکی، چارەسەر بە تیشك، ڕاگەیاندن و هۆشیاری تەندروستی، تاقیگا، ئامار، IT و، هاتوو و دەرچوو) کە هەڵدەستن بەجێبەجێکردنی ئامانجەکانی و ڕایی کردنی کارەکانی و هاوکاری کردنی سەرۆکی سندوق و بەڕێوەبەری جێبەجێکار لە ئەنجامدانی کارەکانیان بەو شێوەیەی کە یارمەتی و ئاسانکاری لە خزمەتکردنی توشبوانی شێرپەنجە دەکات بە ڕەچاوکردنی ئەو بارە تەندروستی و کۆمەڵایەتی و دەروونیەی کە ئەو توشبوانە دووچاری بوونەتەوە.

**دووەم:** پێویستە کارگێڕی سندوق لیستی هەیکەلی کارگێڕی ئامادە بکات بەپێی خشتەیەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە ئامادە دەکرێت و دوای پەسندکردنی لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێم لە ڕێگەی وەزارەتی تەندروستی کاری پێدەکرێت و دەبێتە بەشێك لەم ڕێنماییە.

**سێیەم:** پێویستە کارگێڕی سندوق پێناسەی وەزیفی ئامادە بکات بۆ فەرمانبەر و کارمەندەکانی و کارکردن و پابەندبوون لەسەر بنەمای ئەو پێناسە وەزیفیە دەبێت لە بەڕێوەبردنی کارەکانی سندوق سەرەڕای ئەو یاسا و ڕێنماییە بەرکارانەی کە تایبەتن بە کاری فەرمانبەری لە خزمەتی گشتی کارپێکراو لە هەرێم.

**ماددەی (٥):**

سەرۆکی ئەنجومەنی سندوق بۆی هەیە داوای تێکەڵ کردنی یان نوێکردنەوەی یان هەڵوەشاندنەوەی هەر بەشێك یان هۆبە یان سەنتەری تایبەت بە نەخۆشی شێرپەنجە بکات لە وەزارەتی تەندروستی.

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** سندوق بۆی هەیە لیژنەی هەمیشەیی پێکبهێنێت بەمەبەستی ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی کە بە سروشت بەردەوامییان هەیە و دەکرێت لیژنەی کاتی پێکبهێنرێت بۆ ئەنجامدانی ئەرکی دیاریکراو لە ڕووی سروشت و ماوەیەوە.

**دووەم:** لە بڕیاری دەرچووی تایبەت بە پێکهێنانی هەر لیژنەیەك ناوی لیژنەو ژمارەی ئەندامانی و پسپۆڕێتیان و لەوانەش دەستنیشانکردنی سەرۆکی لیژنە دیاری دەکرێت و هەر لیژنەیەك دەبێت سکرتێری هەبێت کە کاری ڕێکخستنی کارەکانی دەکات و خاوەن توانا و ئەزموون بێت.

**سێیەم:** دانانی بنەما و ڕێککارەکانی پێویست بۆ ڕێکخستنی ئیش و کارەکانی ئەو لیژنانە و چۆنیەتی هەماهەنگی لەنێوانیان و کارپێکردنیان بە شێوەیەك کە بەشدار بێت لە خزمەتکردنی توشبوانی شێرپەنجە.

**ماددەی (٧):**

سەرۆکی ئەنجومەنی سندوق دەکرێت بەشێك لە دەسەڵاتەکانی بدات بە بەڕێوەبەری جێبەجێکار بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارە کارگێڕیەکان یان هەر دەسەڵاتێکی تر سەرۆکی ئەنجومەنی سندوق بۆی دیاری دەکات لەکاتی پێویست و ئامادە نەبوونی.

**ماددەی (٨):**

**یەکەم:** پێویستە ئەنجومەنی سندوقی کۆمەك پلانی ساڵانەی سندوق ئامادە بکات و لەوانە داتا و تەرخانکراوە داراییەکان و ئەو ڕێککارانەی کە پێویستە بگیرێتەبەرو ئامرازەکانی بەدیهێنانی ئەو پلانەو چۆنیەتی جێبەجێکردنیان و دواتر بەرز بکرێتەوە بۆ وەزیری تەندروستی.

**دووەم:** ئامادەکردنی پلانێکی درێژخایەن بەمەبەستی دامەزراندنی نەخۆشخانەو سەنتەری چارەسەرکردنی پسپۆڕی و پێشکەوتوو لە گشت پارێزگاکانی هەرێم و دابینکراو بێت لە هەموو ڕوویەکەوە (هونەری و پزیشکی و تەندروستی و کارمەندی پسپۆڕ و ئامادەکراو لە بواری چارەسەرکردن و شیاندنەوەی توشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە لە هەرێم.

**سێیەم:** ئامادەکردنی دیراسەتێکی گشتگیر بەمەبەستی جێبەجێکردنی بڕگە (دوو)ی ئەم ماددەیەو گرتنەبەری هەموو ئەو ئامراز وپێداویستیانەی کە پێویستن و لەوانەش وەرگرتنی ڕای ئەو شارەزا و ڕاوێژکارانەی کە پسپۆڕن لەو بوارە.

**ماددەی (٩):**

کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم ڕێنماییە دژکار بێت.

**ماددەی (١٠):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٤١٩/٢٠ لە ٢٠٢٣/١/٢٣**

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ماددەی (٨) لە یاسای جێبەجێکردن ژمارە ( ٤٥ )ی ساڵی ١٩٨٠ هەموارکراو ، ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرچواند :

١- تانە ( طعن ) لەسەر بڕیارەکانی جێبەجێکاری دادی تەنیا بە دوو ڕێگە ( التظلم ) یان ( التمييز ) دەبێت ، بە هیچ ڕێگەیەکی تر ناکرێت ، بۆ نموونە وەکو ( تصحيح القرار التمييزي ) نابێت ، کە لە یاسادا نەهاتووە ، ئەگەر لایەنێک ئەم ڕێگەیە بگرێتەبەر ، ناکرێت جێبەجێکردن دوابخرێت بەبێ بڕیاری دادگا .

٢- ئەو دۆسیانەی تایبەتن بە بژێوی بەردەوام ( نفقة مستمرة ) ، ئەگەر داواکاری جێبەجێکردن ، ( تنازل ) یان (مصالحة) یان داوای داخستنی بکات ، نابێت جێبەجێکاری دادی بەبێ بڕیاری دادگا دۆسیەکە دابخات ، بەڵکو پێویستە لایەنەکان ئاگادار بکاتەوە کە سەردانی دادگای باری کەسیەتی بکەن بۆ بەدەستهێنانی بڕیاری ( اسقاط نفقة ) .

٣- کۆمپیالەی پەسەندکراو لە دادنووس و کۆمپیالەی دەرەکی ( لە دادنووس پەسەند نەکرابێت ) دەتوانرێ دۆسیەی بۆ بکرێتەوە ، بەڵام ئەگەر تەنیا بە پەنجەمۆری قەرزدار کرابێت ، دەبێ دوو شاهێدیش پەنجەمۆر یان واژویان کردبێت و وێنەی کەسی قەرزداریشی لەسەر بێت .

٤- بەڕەچاوکردنی ماددەی ( ٢٦ / چوارەم ) لە یاسای جێبەجێکردنی بەرکار ، جێبەجێکردنی ( سەنەدی قەرز ، پەراوی بازرگانی " ورقه تجارية " کە توانای ئاڵوێرکردنی هەیە " قابلة للتداول " ) ، ئەگەر قەرزدار لە ماوەی یاسایی تانەی گرت لە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن ، نابێت دۆسیەکە دابخرێت ، پێویستە جێبەجێکاری دادی بڕیار دەربکات بە ڕاگرتنی ڕێکارە یاساییەکان و ئاگادارکردنەوەی خاوەن قەرز کە سەردانی دادگای بەرایی بکات بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکە .

٥- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت .

**فەرسەت احمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢٥ لە ٢٠٢٣/١/٢**

ئامــاژە بە کۆنووســی کۆبــوونەوەی هاوبەشــی وەزارەتمــان لەگەڵ نــوێنەری بەشــی مــۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتییەکــانی هــاتووچۆی (دهۆکــو ســلێمانی و هەولێــر ) لە ڕێکەوتــی (١٢/٧ /٢٠٢٢) بە مەبەســتی پێــداچوونەوە بە ڕێنمــایی ژمــارە (٣) ی ســاڵی ٢٠٢٢ و کێشــەکانی هــۆبەی مــۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکان بڕیارماندا بە دەرچوواندنی هەمواری یەکەمی ڕێنمایی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی شوفێری ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** هەموارکردنەوەی (ماددەی چوارەم/ یەکەم) بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: مۆڵەتی شوفێری ماتۆرسکیل:

١- مۆڵەتی جۆری :(A1) ڕێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری ماتۆرسکیل بکات ،کە قەبارەکەی لە (40CC)زیاتر بێت تا (12OCC) وتەمەنی (١٦) ساڵی تەواو کردبێت.

٢-مۆڵەتی جۆری :(A) ڕێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری ماتۆرسکیل بکات ،کە قەبارەکەی لە (40CC)زیاتر بێت وتەمەنی (١٨) ساڵی تەواو کردبێت.

٣- ماتورسکێلی کارەبایی هەمان بڕگەی (١) سەرەوە لەسەر جێبەجێ دەکرێت.

٤- ماتورسکێلی جۆری (هجین) هەمان ڕێکارەکانی بڕگەی (١و٢)ی سەرەوە لەسەر جێبەجێ دەکرێت

**دووەم:** هەموارکردنەوەی (ماددەی چوارەم/سێیەم/٥) بەم شێوەیەی خوارەوە:

مۆڵەتی جۆری (D1): ڕێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری پاس بکات کە لە (١٦) سەرنشین لەگەڵ شوفێر زیاتر نەبێت و درێژی پاسەکەی لە (٨) مەتر زیاتر نەبێت و دەتوانێت عەربانەیەك کە کێشی لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتر نەبێت رابکێشێت و پێویستە داواکار تەمەنی (٢٠) ساڵی تەواو کردبێت و پێشتر مۆڵەتی جۆری (B) بەدەست هێنابێت و ساڵێکی بەسەر تێپەڕبووبێت.

**ماددەی (٢):**

**هەموارکردنەوەی (ماددەی شەشەم/١و٢) بەم شێوەی خوارەوە:**

**١**-بڕی (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر هەر داواکارییەکی مۆڵەتی شوفێری.

٢- بڕی (١٠٠٠٠) دە هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر بە پێدانی فۆرمی مۆڵەتی شوفێری بۆهەموو جۆرەکانی وە هەر جۆرە مامەڵەیەکی تر.

**ماددەی (٣):**

هەموارکردنەوەی (ماددەی حەوتەم) بەم شێوەی خوارەوە:

ماددەی (٧):

یەکەم /گۆرینی مۆڵەتی شوفێری بیانی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت

١-مۆڵەتی شوفێری بیانی جۆرەکانی (A) و(B) و (BE) دەگۆردرێت بۆ مۆڵەتی نوێی شوفێری لە هەرێم و تەنها بۆ ماوەی یەك ساڵ کاری پێ دەکرێت .

٢- دوای تەواوبوونی ماوەی بڕگەی (١)ی سەرەوە پێویستە کەسی بیانی مۆڵەتی شوفێری نوێ دەربکات بەپێی ئەو مەرجانەی کە لەم رێنماییە دیاری کراوە و مۆڵەتی شوفێری لە جۆرەکانی (A) و(B) و (BE) بەپێی ماوەی نشینگەی پێی دەدرێت .

٣- پێویستە کەسی بیانی بڕی پارەی دیاری کراو لە بڕگەی (٥)ی ماددەی (شەشەم) بدات

٤- فەرمانبەرانی بیانی کونسۆلگەرییەکان کە لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە جگە لە کونسۆلگەرییە فەخرییەکان مۆڵەتی شوفێریان پێ دەدرێت بەپێی بڕگەکانی (١و٢) ئەم ماددەیە

دووەم /پێویستە کەسی بیانی نشینگەی فەرمی هەرێمی کوردستان هەبێت و بەسەر نەچووبێت.

**ماددەی (٤):**

هەموارکردنەوەی (ماددەی یانزدەیەم/٤) بەم شێوەی خوارەوە:

٤-مۆلەتی شوفێری جۆری تاکسی دەردەکرێت بۆیەکەم جار یان نوێ دەکرێتەوە بەم مەرجانەی خوارەوە

أ- پێویستە پێشتر مۆڵەتی لە جۆری (B) هەبوو بێت و ساڵیکی بەسەردا تیپەربوو بێت.

ب- تەمەنی (٢٠) ساڵی تەواو کردبێت.

ج- دەستەواژەی (TAXI) لەسەر پشتی کارتی مۆڵەت دەنووسرێت لە شوێنی تێبینیەکان وەك ئاماژەیەك بۆ مافی خاوەنەکەی بۆ کارکردن وەك شوفێری تاکسی.

د. گۆرینی مۆڵەتی شوفێری لە جۆری (B) بۆ تاکسی تاقیکردنەوەی تیوری وپراکتیکی ناوێت.

**ماددەی (٥):**

ئەم رێنماییە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە:٢٨٦٦ لە ٢٠٢٣/١/٢٣**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بەڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە جێبەجێ کردنی یاسای کۆمپانیا ئەمنیە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان و ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە جێبەجێکردنی یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان و بریارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی دروستکردنی کۆمەڵگەی (کڕین و فرۆشتن و چاککردنەوەی چەکی ئاگرین)**

**و شوێنی ڕاهێنان لەسەر بەکارهێنانی چەک، و سەنتەری مەشق و ڕاهێنانی کارمەندانی کۆمپانیای ئەمنی**

**ماددەی (١):**

بە مەبەستی کڕین و فرۆشتن و چاککردنەوەی چەکی ئاگرین و ڕاهێنان لەسەر بەکارهێنانی چەك و ڕاهێنانی کارمەندانی کۆمپانیای ئەمنی و چاودێری کردنی لە لایەن دەزگاکانی ئەمنیەکانەوە بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی یاسای چەك و یاسای کۆمپانیا ئەمنیە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان، لە هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆ کۆمەڵگەیەك دادەمەزرێت بە ناوی کۆمەڵگەی (کڕین و فرۆشتن و چاککردنەوەی چەکی ئاگرین، شوێنی ڕاهێنان لەسەر بەکارهێنانی چەك، و سەنتەری مەشق و ڕاهێنانی کارمەندانی کۆمپانیای ئەمنی)

**ماددەی (٢):**

**یەکەم: کۆمەڵگەی ماددەی (١)ی سەرەوە بە دوو جۆر (type) دروست دەکرێت:**

١- **جۆری A:** لە پارێزگاکانی (هەولێر ، سلێمانی ،دهۆك).

٢- **جۆری B:** لە پارێزگای (هەڵەبجە) و ئیدارە سەربەخۆکانی (گەرمیان ، ڕاپەرین ، زاخۆ ، سۆران) و هەر ئیدارەیەکی سەربەخۆیەکی تر کە لە ئایندە دروست دەکرێت.

**دووەم:**

**١-** ڕووبەری کۆمەڵگە لە جۆری (A) نابێت لە (٢٠) بیست دۆنم کەمتر بێت و ڕووبەری کۆمەڵگە لە جۆری (B) نابێت لە (١٢) دوانزدە دۆنم کەمتر بێت.

٢- پێویستە گشت باڵەخانەی کۆمەڵگە بە شێوازی کۆنکرێت دروست بکرێت جگە لە شوێنی تەقەکردن کە ستاندەردی تایبەتی خۆی هەیە لەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٣):**

وەزارەتی تایبەتمەند زەوی دابین دەکات لە دەرەوەی سنوری شارەوانی و شوێنی نیشتەجێ بوون دوای وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بەو ڕووبەرانەی کە لە سەرەوە دیاری کراوە بۆ دروست کردنی ئەو کۆمەڵگانە، خاوەن پرۆپۆزەل دەکرێت پارچە زەوی خۆی بەکار بێنێت بۆ ئەو پرۆژەیە و پێشینەی (اولویە) دەبێت لە کێبرکێ دا.

**ماددەی (٤):**

دروست کردنی ئەم کۆمەڵگەیانە بە شێوازی هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت (P.P.P) دەبێت بەپێی پاشکۆی (هـ) لە ڕێنمایی گرێبەستە حکومییەکان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦.

**ماددەی (٥):**

کۆمەڵگە لە جۆری (A) پێویستە بەم خەسڵەتانەی خوارەوە دروست بکرێت:

**یەکەم: شورەی کۆمەڵگە:**

١- پێویستە کۆمەڵگە بە تەواوی شورەی کونکرێتی دروست بکرێت بە بەرزایی (٣) سێ مەتر کەمتر نەبێت و پانی (٣٠) سی سانتی مەتر کەمتر نەبێت.

٢- پێویستە شورەی دەرەوەی کۆمەڵگە قوڵەی پاسەوانی بۆ دابنرێت کە لە (١٢) قوڵە کەمتر نەبێت.

٣- پێویستە کۆمەڵگە دوو دەرگای هەبێت (دەرگای سەرەکی و دەرگای لاوەکی) کە پانی هەر کامیان لە (١٢) دوانزدە مەتر کەمتر نەبێت.

**دووەم: تایبەتمەندیەکانی باڵەخانە خزمەتگوزارییەکان:**

١- **باڵەخانەی پۆلیس:** ڕووبەری زەوی لە (٣٠٠) مەتر دووجا کەمتر نەبێت بە دوو نهۆم کە کۆی باڵەخانە دەکاتە (٦٠٠) مەتر دووجا بەپێی ئەو نەخشانەی کە پەسەند دەکرێن.

٢- **باڵەخانەی بەرگری شارستانی:** ڕووبەری زەوی لە (٤٠٠) مەتر دووجا کەمتر نەبێت بە دوو نهۆم کە کۆی باڵەخانە دەکاتە (٨٠٠) مەتر دووجا بەپێی ئەو نەخشانەی کە پەسەند دەکرێن.

٣- **باڵەخانەی ئاسایش:** ڕووبەری زەوی لە (٣٠٠) مەتر دووجا کەمتر نەبێت بە دوو نهۆم کە کۆی باڵەخانە دەکاتە (٦٠٠) مەتر دووجا بەپێی ئەو نەخشانەی کە پەسەند دەکرێن.

٤- **باڵەخانەی مۆڵەتی چەك:** ڕووبەری زەوی لە (٣٠٠) مەتر دووجا کەمتر نەبێت بە دوو نهوم کە کۆی باڵەخانە دەکاتە (٦٠٠) مەتر دووجا بەپێی ئەو نەخشانەی کە پەسەند دەکرێن، هاوڵاتی دەتوانێت لەم باڵەخانەیە داوای مۆڵەتی چەك بکات و لە لایەن ب.کاروباری ناوخۆ لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەڕێوە دەبردرێت.

٥- **باڵەخانەی کارگێری کۆمەڵگە:** ڕووبەری زەوی لە (٤٠٠) مەتر دووجا کەمتر نەبێت بە دوو نهۆم کە کۆی باڵەخانە دەکاتە (٨٠٠) مەتر دووجا بەپێی ئەو نەخشانەی کە پەسەند دەکرێن.

٦- **باڵەخانەی بنکەی تەندروستی:** ڕووبەری زەوی لە (**٢٥٠**) مەتر دووجا کەمتر نەبێت بە دوو نهۆم کە کۆی باڵەخانە دەکاتە (٥٠٠) مەتر دووجا بەپێی ئەو نەخشانەی کە پەسەند دەکرێن.

٧- **باڵەخانەی مزگەوت:** ڕووبەری زەوی لە (**٤٠٠**) مەتر دووجا کەمتر نەبێت بەپێی ئەو نەخشانەی کە پەسەند دەکرێن.

٨- **ڕێستۆرانت و کافتریا:** پێویستە جێگای (**٤٠٠**) کەس هەبێت لە یەك کاتدا بە گشت خزمەتگوزارییانەی پێویست.

**٩- مارڪێت:** پێویستە چەند مارڪێتێک هەبێت.

**١٠- سەوزایی:** پێویستە ڕێژەی سەوزایی **(٢٥%)** کەمتر نەبێت لە ڕووبەری گشتی پرۆژە.

**سێیەم: باڵەخانەی کڕین و فرۆشتن و چاککردنەوەی چەکی ئاگرین:**

**١- شوێنی کڕین و فرۆشتنی چەك:** زۆنی شوێنی کڕین و فرۆشتنی چەك لە (٥٠) فرۆشگای چەك پێك دێت بە ڕووبەری (٢٠٠) مەتر دووجا بۆ هەر فرۆشگەیەك بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ.شوێنی نمایش کردن : (٨٠) مەتر دووجا.

ب.شوێنی کارگێری و خزمەتگوزارییەکانی تر: (٤٠) مەتر دووجا.

ت.شوێنی کۆگا : (٨٠) مەتر دووجا.

پ.هەر فرۆشگەیەك پێویستە (٢) دەرگای هەبێت، دەرگایەکی سەرەکی و دەرگایەکی تر کە بڕوانێتە سەر کۆگای فرۆشگە.

**٢- شوێنی چاککردنەوەی چەك:** زۆنی شوێنی چاککردنەوەی لە (١٥) شوێن پێك دێت بە ڕووبەری (٢٢٠) مەتر دووجا بۆ هەر شوێنێك بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ.شوێنی چاککردنەوە: (١٤٠) مەتر دووجا.

ب.شوێنی کارگێری و خزمەتگوزارییەکانی تر: (٤٠) مەتر دووجا.

ت.شوێنی کۆگا: (٤٠) مەتر دووجا.

پ.پێویستە هەر شوێنێك (٢) دەرگای هەبێت، دەرگایەکی سەرەکی و دەرگایەکی تر کە بڕوانێتە سەر کۆگای شوێنەکە.

**ماددەی (٦):**

کۆمەڵگە لە جۆری (B) پێویستە بەم خەسڵەتانەی خوارەوە دروست بکرێت:

**یەکەم:** شورایی کۆمەڵگە:

١- پێویستە کۆمەڵگە بە تەواوی شورەی کۆنکرێتی دروست بکرێت بە بەرزی (٣) سێ مەتر کەمتر نەبێت و ئەستوری (٣٠) سی سانتی مەتر کەمتر نەبێت.

٢- پێویستە شورەی دەرەوەی کۆمەڵگە قوڵەی پاسەوانی بۆ دابنرێت کە لە (٨) قوڵە کەمتر نەبێت.

٣- پێویستە کۆمەڵگە دوو دەرگای هەبێت (دەرگای سەرەکی و دەرگای لاوەکی) کە پانی هەر کامیان لە (١٢) دوانزدە مەتر کەمتر نەبێت.

**دووەم:** تایبەتمەندیەکانی باڵەخانە خزمەتگوزارییەکان:

١- **باڵەخانەی پۆلیس:** ڕووبەری زەوی لە (٣٠٠) مەتر دووجا کەمتر نەبێت بە دوو نهۆم کۆی باڵەخانە دەکاتە (٦٠٠) مەتر دووجا بەپێی ئەو نەخشانەی کە پەسەند دەکرێن.

٢- **باڵەخانەی بەرگری شارستانی:** ڕووبەری زەوی لە (٤٠٠) مەتر دووجا کەمتر نەبێت بە دوو نهۆم کۆی باڵەخانە دەکاتە (٨٠٠) مەتر دووجا بەپێی ئەو نەخشانەی کە پەسەند دەکرێن.

٣- **باڵەخانەی ئاسایش:** ڕووبەری زەوی لە (٣٠٠) مەتر دووجا کەمتر نەبێت بە دوو نهۆم کۆی باڵەخانە دەکاتە (٦٠٠) مەتر دووجا بەپێی ئەو نەخشانەی کە پەسەند دەکرێن.

٤- **باڵەخانەی مۆڵەتی چەك:** ڕووبەری زەوی لە (٣٠٠) مەتر دووجا کەمتر نەبێت بە دوو نهۆم کە کۆی باڵەخانە دەکاتە (٦٠٠) مەتر دووجا بەپێی ئەو نەخشانەی کە پەسەند دەکرێن، هاوڵاتی دەتوانێت لەم باڵەخانەیە داوای مۆڵەتی چەك بکات و لە لایەن ب.کاروباری ناوخۆ لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەڕێوە دەبرێت.

٥- **باڵەخانەی کارگێری کۆمەڵگا:** ڕووبەری زەوی لە (٤٠٠) مەتر دووجا کەمتر نەبێت بە دوو نهۆم کۆی باڵەخانە دەکاتە (٨٠٠) مەتر دووجا بەپێی ئەو نەخشانەی کە پەسەند دەکرێن.

٦- **باڵەخانەی بنکەی تەندروستی:** ڕووبەری زەوی لە (٢٥٠) مەتر دووجا کەمتر نەبێت بە دوو نهۆم کۆی باڵەخانە دەکاتە (٥٠٠) مەتر دووجا بەپێی ئەو نەخشانەی پەسەند دەکرێن.

٧- **باڵەخانەی مزگەوت:** ڕووبەری زەوی لە (٤٠٠) مەتر دووجا کەمتر نەبێت بەپێی ئەو نەخشانەی کە پەسەند دەکرێن.

٨- **ریستۆرانت و کافتریا:** پێویستە جێگای (٤٠٠) کەس هەبێت لە یەك کاتدا بە گشت خزمەتگوزارییانەی پێویست.

٩- **مارکێت:** پێویستە چەند مارکێتێک هەبێت.

١٠- **سەوزایی:** پێویستە ڕێژەی سەوزایی (٢٥%) کەمتر نەبێت لە ڕووبەری گشتی پرۆژە.

**سێیەم:** باڵەخانەی کڕین و فرۆشتن و چاککردنەوەی چەکی ئاگرین:

١- **شوێنی کڕین و فرۆشتنی چەك:** زۆنی شوێنی کڕین و فرۆشتنی چەك لە (٥٠) فرۆشگەی چەك پێك دێت بە ڕووبەری (٢٠٠) مەتر دووجا بۆ هەر فرۆشگەیەك بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. شوێنی نمایش کردن: (٨٠) مەتر دووجا.

ب. شوێنی کارگێری و خزمەتگوزارییەکانی تر: (٤٠) مەتر دووجا.

ت. شوێنی کوگا: (٨٠) مەتر دووجا.

پ. پێویستە هەر فرۆشگەیەك (٢) دەرگای هەبێت، دەرگایەکی سەرەکی و دەرگایەکی تر کە بڕوانێتە سەر کۆگای فرۆشگە.

٢- **شوێنی چاککردنەوەی چەك:** زۆنی شوێنی چاککردنەوەی لە (١٥) شوێن پێك دێت بە ڕووبەری (٢٠٠) مەتر دووجا بۆ هەر شوێنێك بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ.شوێنی چاککردنەوە : (١٤٠) مەتر دووجا.

ب.شوێنی کارگێری و خزمەتگوزارییەکانی تر: (٤٠) مەتر دووجا.

ت.شوێنی کۆگا : (٤٠) مەتر دووجا.

پ.پێویستە هەر شوێنێك (٢) دەرگای هەبێت، دەرگایەکی سەرەکی و دەرگایەکی تر کە بڕوانێتە سەر کۆگای شوێنەکە.

**ماددەی (٧):**

**سەنتەری مەشق و ڕاهێنانی کارمەندی کۆمپانیای ئەمنی:**

١- سەنتەری مەشق و ڕاهێنانی کارمەندی کۆمپانیای ئەمنی بە یەك جۆر (type) دروست دەکرێت لە گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان کە ڕووبەری زەوی (٦٠٠) مەتر دووجا کەمتر نەبێت بە دوو نهوم کە کۆی ڕووبەری باڵەخانە دەکاتە (١٢٠٠) مەتر دووجا.

٢- پێویستە بە لایەنی کەم (٤) هۆڵی وانە وتنەوەی تیۆری لە باڵەخانە دروست بکرێت بە ڕووبەری (٥٠) مەتر دووجا بۆ هەر هۆڵێك و هەموو پێداویستیەکانی فێرکردنی تێدا هەبێت.

٣- پێویستە سەنتەری مەشق و ڕاهێنان (٢) دوو هـۆڵی پڕاکتیکی هەبێت لەسەر شێوازی هەڵوەشاندەوە و بەستنەوەی چەك و شێوازی پاراستنی چەك کە ڕووبەری هیچ کامیان لە (٤٠) مەتر دووجا کەمتر نەبێت و هەموو پێداویستیەکانی فێرکردنی تێدا هەبێت.

٤- پێویستە سەنتەری مەشق و ڕاهێنان (٢) دوو ژوور بۆ کارگێری و (٤)چوار ژوور بۆ مامۆستایان و ڕاهێنەران و وانەبێژان بە گشت خزمەتگوزارییەکانەوە هەبێت.

٥- پێویستە ریستۆرانت و کافتریایەك هەبێت کە جێگای (١٠٠) کەسی هەبێت لە یەك کاتدا بە گشت خزمەتگوزارییەکانەوە.

٦- گۆرەپانی کراوەی مەشق: ئەم گۆرەپانە ڕووبەری لە (١٦٠٠) هەزار و شەش سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت بە شێوازی چوارگۆشەیی بە ماددەی (تارتان) ڕووپۆشکراو بێت بەپێی مەرج و ستاندەردەکان.

**ماددەی (٨):**

**ژێرخانی خزمەتگوزاری کۆمەڵگا:**

١- پێویستە وێستگەی کارەبای تایبەتی خۆی هەبێت کە قەبارەی گونجاو بێت لەگەڵ قەبارەی پرۆژەکە.

٢- پێویستە لە ناو کۆمەڵگە جادەیەك دروست بکرێت کە لە چواردەوری کومەڵگە لە دیوی ناوەوە بەپانتایی (٢٠) مەتر لە هەر دوو جۆری (B, A).

٣- شەقامەکانی ناو کۆمەڵگا لە (١٢) مەتر کەمتر نەبێت و گشت ئەو شەقامانە ببەسترێنەوە بە جادەی (٢٠) مەتری بڕگەی (٢)ی سەرەوە.

٤- پێویستە گشت شەقامەکانی قیرتاو و هێڵکاری بکرێن و هێماکانی هاتوچۆ بۆی دابنرێت بەپێی نەخشەی پەسەندکراو.

٥- پێویستە وێستگەی ئاوی تایبەت بە کۆمەڵگە هەبێت کە قەبارەی گونجاو بێت لەگەڵ قەبارەی پرۆژەکە.

٦- پێویستە (مۆلیدە و سولار سیستەم)ی تایبەت بە کۆمەڵگە هەبێت کە قەبارەی گونجاو بێت لەگەڵ قەبارەی پرۆژەکە.

٧- سیستەمی دووبارە بەکارهێنانی پرۆژە بۆ (ئاو و ئاوەڕۆ و زبل و خاشاك).

**ماددەی (٩):**

**پێویستە خاوەنی پرۆژە ئەم ئۆتۆمبێلە خزمەتگوزارییانەی خوارەوە دابین بکات:**

١- دوو ئۆتۆمبێلی پیك ئاب لە جۆری (تویوتا، دەبل قمارە، دەبل اکسل، شەش پستۆن، مۆدێلی ساڵ، ڕەنگی سپی) بۆ بنکەی پۆلیس.

٢- دوو ئۆتۆمبێلی میگ زەمین لە جۆری (تویوتا، دەبل قمارە، دەبل اکسل، شەش پستۆن، مۆدێلی ساڵ، ڕەنگی سپی) بۆ بنکەی ئاسایش.

٣-دوو ئۆتۆمبێلی ئەمبۆلانس لە جۆری (تویوتا هایس، مۆدێلی ساڵ) بۆ بنکەی تەندروستی.

٤- دوو ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە لە جۆری (مان یان مارسیدس، دەبل کابینە، قەبارەی تانکی ئاو (٥٠٠٠) لتر، قەبارەی تانکی فۆم (٥٠٠) لتر، یورو (٣) یان یورو (٤)، مۆدێلی ساڵ) بۆ بنکەی ئاگرکوژینەوە و خەسڵەتەکانی تر کە لە لایەن پەیمانگای بەرگری شارستانی دیاری دەکرێت.

٥- (٢٠) ئۆتۆمبێلی کارەبایی (گۆلف)ی بچوك (٤ سەرنشین) تایبەت بە گواستنەوەی سەردانکاران لە ناو بەشەکانی کۆمەڵگە.

٦- شوێنی تایبەت بە لێخوڕینی بایسکڵ لە ناو گشت کۆمەڵگە بە پێی ستانداردە نێودەوڵەتیەکان بۆ سەردانکاران.

٧- (١٠٠) بایسکڵ یان سکوتەری کارەبایی تایبەت بە گواستنەوەی سەردانکاران لە ناو بەشەکانی کۆمەڵگە.

**ماددەی (١٠):**

**گەراجی کۆمەڵگا:**

١- پێویستە گەراجی ئۆتۆمبێل لە کۆمەڵگای جۆری A جێگای ٣٠٠ ئۆتۆمبێلی هەبێت.

٢- پێویستە گەراجی ئۆتۆمبێل لە کۆمەڵگای لە جۆری B جێگای ٢٠٠ ئۆتۆمبێلی هەبێت.

**ماددەی (١١):**

پاراستنی تەواوی کۆمەڵگە دەکەوێتە ئەستۆی خاوەنی پرۆژە و لە ڕێگای کۆمپانیای ئەمنی مۆڵەت پێدراو لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ ئەم کارە ئەنجام دەدەرێت لە ژێر چاودێری بنکەی ئاسایشی کۆمەڵگە.

**ماددەی (١٢):**

پێویستە گشت کەرەستەکانی بەکارهێنراو بۆ دروستکردنی کۆمەڵگە بە لایەنی کەم لە جۆری زۆرباش بێت و پەسەندکراو بێت لە لایەن لیژنە و پشکنینی تاقیگەیی.

**ماددەی (١٣):**

کارمەندانی بنکەکانی (پۆلیس و ئاسایش و بەرگری شارستانی و تەندروستی) لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان دابین دەکرێن.

**ماددەی (١٤):**

پێویستە شوێنی کڕین و فرۆشتن و چاککردنەوەی چەکی ئاگرین و ڕاهێنان بە سیستەمێکی ئەلیکترۆنی ببەسترێتەوە بە وەزارەتی ناوخۆ و گشت زانیارییەکانی تایبەت بە کڕین و فرۆشتن و چاککردنەوەی چەکی ئاگرین و ڕاهێنان لەسەر چەك و مەشق پێکردنی کارمەندی کۆمپانیای ئەمنی بخرێتەوە ناو ئەو سیستەمە و ئەم سیستەمە لە ژێر چاودێری وەزارەتی ناوخۆ دەبێت و لە لایەن خاوەنی پرۆژە دروست دەکرێت بەپێی ئەو خەسلەتانەی کە وەزارەتی ناوخۆ بۆی دیاری دەکات.

**ماددەی (١٥):**

**مەرجەکانی سەلامەتی و بەرگری شارستانی:**

١- پێویستە لە هەموو باڵەخانەکانی کۆمەڵگە سیستەمی (water sprinkler) دابنرێت.

٢- پێویستە لە گشت شەقامەکانی ناو کۆمەڵگە سیستەمی (fire hydrant) دابنرێت کە لە لایەن ب.بەرگری شارستانی تایبەتمەندەوە پەسەند دەکرێت.

٣-پێویستە کۆگای هەڵگرتنی چەك و تەقەمەنی بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتیەکان جۆری NFPA و (٤٩٥) بۆ تەقەمەنی و (٢٣٠)بۆ پاراستنی کۆگا لە سووتان بێت بە هەمان ستاندارد.

٤- پێویستە گشت مەرجەکانی تری بەرگری شارستانی کە لە لایەن ب.بەرگری شارستانی تایبەتمەندەوە دیاری دەکرێت پەیرەو بکرێت.

**ماددەی (١٦):**

پێویستە خاوەن پرۆژە گشت خزمەتگوزارییەکانی تر وەك (کۆکردنەوەی زبل و خاشاك، پاککردنەوەی باڵەخانەکان، چاودێری کردنی سەوزایی و دابین کردنی ڕوناکی ناو کۆمەڵگە) دابین بکات.

**ماددەی (١٧):**

پێویستە خاوەن پرۆژە لە تەواوی باڵەخانەکانی کۆمەڵگە سیستەمی ساردی و گەرمی ناوەندی (VRF) یان (VRV) لەگەڵ سیستەمی هەواگۆرکێ دابین بکات.

**ماددەی (١٨):**

**شوێنی تەقەکردن:**

١- شوێنی تەقەکردن لە ناو کۆمەڵگە پێویستە بە هەر دوو جۆری (تەقەکردنی داخراو و تەقەکردنی کراوە) دروست بکرێت بەپێی ئەو مەرج و خەسڵەتانەی کە لە ڕێبەری دروستکردنی شوێنی تەقەکردن لە ستاندەردی ئەمریکی (UFC 4-179-02) ساڵی ٢٠٢٠ هاتووە.

٢- شوێنی تەقەکردنی داخراو و شوێنی تەقەکردنی کراوە لە کۆمەڵگەی جۆری (A) نابێت لە (١٢) هێل (Line)ی تەقەکردن کەمتر بێت و کۆمەڵگەی جۆری (B) نابێت لە (٦) هێل (Line)ی تەقەکردن کەمتر بێت.

٣- کۆمپانیـای ئەمنـی تـایبەت ئەگەر ئارەزویـان کـرد شـوێنی تەقەکردنـی داخـراو و کـراوە لە نـاو کۆمپاوەندی خۆیان دروست بکەن پێویستە بە هەمان ستانداردی هـاتوو لە خـاڵی (١)ی ئەم مـاددەیە دروست بکرێت.

٤- هەر پرۆژەیەکی دیکەی شوێنی تەقە لە دەرەوەی ئەو کۆمپاوەنـدانە دروسـت بکرێـت ، پێویسـتی بەرەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ هەیە بەپێی ستانداردی هاتوو لە خاڵی (١)ی ئەم ماددەیە .

**ماددەی (١٩):**

هێزەکانی ئاسایشی نـاوخۆ دەتـوانن شـوێنی ڕاهێنـان لەسـەر چەك و مەشـق پێکـردن بەکـار بێـنن بە (٧٠%) داشکاندن لەو نرخەی کە دیاری کراوە.

**ماددەی (٢٠):**

لیژنەیەکی باڵا پێك دەهێنرێت بە سەرۆکایەتی ڕاوێژکاری یاسایی وەزارەت و ئەندامێتی بەڕێوەبەری گشتی دیوان، ب.گشـتی خـۆجیەتی، ب.گشـتی پـۆلیس، بەڕێـوەبەری ب.گرێبەسـتەکان، بەڕێـوەبەری ب.کۆمپانیـا ئەمنیەکـان، چـوار ئەنـدازیاری (**کارەبـا، میکانیـك، تەلارسـازی و شارسـتانی**)، نـوێنەری پەیمانگـای پەرەپێـدانی ئەمنـی و کـارگێری و نـوێنەری پەیمانگـای بەرگـری شارسـتانی بە مەبەسـتی دیراسەتکردنی ئەو ئۆفەرانەی کە پێشکەش دەکرێن بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەی ماددەی (١).

**ماددەی (٢١):**

١- بە لایەنـی کەم (٢٠%) لە داهـاتی پـرۆژە دەدرێـتە وەزارەتـی نـاوخۆ و دەخـرێتە سـەر حسـابی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنیەکان لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ.

٢- مـــاوەی گرێبەســـتی پـــرۆژە (٢٥) ســـاڵ دەبێـــت و دوای ئەو مـــاوەیە کـــۆمەڵگە بە تەواوی بەزەویەکەشەوە دەبێتە موڵکی وەزارەتی ناوخۆ.

**ماددەی (٢٢):**

ئەم ڕێنمـاییە لە ڕۆژی دەرچـوونیەوە جێبەجـێ دەکرێـت و لە ڕۆژنـامەی وەقـایعی کوردسـتان بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار**

**ژمارە: ١١٢٠ لە ٢٠٢٣/١/٢٥**

پاڵپشت بە ماددەی (٢٩) لە یاسای وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٢، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەو ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی ئاهەنگگێڕان لە شوێنە گەشت وگوزارییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی (١): پێناسەکان**

بە مەبەستی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە، مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

١- **مۆڵەت:** مۆڵەتی ئاهەنگگێڕان

٢- **دەستە:** دەستەی گشتی گەشت وگوزار

٣- **هۆڵی ئاهەنگگێران:** ئەو جێگایەی کە گونجاوە بۆ ئاهەنگ گێران.

٤- **ئاهەنگی خێزانی:** ئەو جۆرە ئاهەنگەیە کە لە بۆنە کۆمەڵایەتیەکان ئەنجام دەدرێت وبەشداربووان بەشێوەی خێزان ئامادە دەبن لەم جۆرە ئاهەنگە.

٥- **هۆڵی سەربەخۆ:** ئەو هۆڵەیە کەلەدەرەوەی هۆتێل و (ڕێستورانت وباڕ)ەرە تەنها ئاهەنگی خێزانی تێدا ئەنجام دەدرێت.

**ماددەی (٢): جۆرەکانی مۆڵەتی ئاهەنگگێڕان لە شوێنە گەشت وگوزارییەکان.**

١- ئاهەنگ لەناو هۆتێل

٢- ئاهەنگ لەناو ڕێستۆرانت وباڕ

٣- ئاهەنگی خێزانی لەناو هۆڵی سەربەخۆ

**ماددەی (٣): مەرجە گشتیەکانی پێویست بۆ شێوەی هۆڵی ئاهەنگگێڕان :**

١- بوونی ژووری تایبەت بە کارگێڕی هۆڵ.

٢- بوونی شوێنی تایبەت بۆجل وبەرگ گۆڕینی هونەرمەندان.

٣- بوونی کۆگا بۆ ئەو هۆڵانەی کە لەدەرەوەی هۆتێلن.

٤- ڕووپۆشکردنی دیوارەکان تاکو بنمیچ بەکەرەستەی بەربەستی دەنگ.

٥- پەنجەرەکانی دەبێت لە جۆرەکانی بەربەستی دەنگ بن.

٦- بوونی ئامێری هەواگۆڕکێ لە هەموو بەشەکان.

٧- دابەشە دیوار (قواطع) بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە لە نێو هۆڵ.

٨- بوونی ئاودەستی پیاوان وژنان بە هەردوو جۆری، بەژمارەیەك گونجاو بێت لەگەڵ قەبارەی جێگاکە وجێگای گۆڕێنی منداڵ لە بەشی ئافرەتان.

٩- بوونی ئاودەست و ڕێڕەوەی تایبەت بۆ کەم ئەندامان.

١٠- بوونی ئامێری ساردکەرەوە و گەرم کەرەوە بەقەبارەی گونجاو لە هۆڵ.
١١- بوونی کەرەستەی پزیشکی فریاگوزاری سەرەتایی لە دەرمانخانەیەکی گونجاو.
١٢- بوونی سیستەمی ئاگرکوژێنەوەی گونجاو بەپێی ڕێنماییەکانی بەرگری شارستانی.

**ماددەی (٤): مەرجە گشتیەکانی تایبەت بە ئەنجامدانی ئاهەنگ:**

١- بەهیچ شێوەیەک نابێت ژاوەژاو و دەنگی ئاهەنگ بڕواتە دەرەوەی هۆڵ.
٢- یەك پۆشی بۆ جل وبەرگی کارمەندان.
٣- جگەرە و نێرگەلە کێشان بەهەموو شێوەیەک قەدەغەیە لە ناو هۆل.
٤- ناکرێت هۆڵی ئاهەنگگێڕان بۆ نوستن بەکاربێت تەنانەت بۆ کارمەندانیش.
٥- جۆری ئاهەنگ دەبێت گونجاو بێت لەگەڵ داب ونەریتی کۆمەڵگەکەمان .
٦- جل وبەرگی هونەرمەندان وئەو ئافرەتانەی کاردەکەن دەبێت گونجاو بێت.
٧- پارە بەخشین بەهەموو شێوەیەک قەدەغەیە .
٨- دابین کردنی پاسەوانی تایبەت و بەپێی ڕێنماییە کار پێکراوەکان.
٩- بەهیچ شێوەیەك هونەرمەندان نابێت تیکەڵی میوانانی ئاهەنگ بن.
١٠- نابێ تەمەنی کارمەندانی هۆڵی ئاهەنگگێڕان لە هۆتێل و(ڕێستوڕانت وباڕ) لە (٢١) ساڵ کەمتر بێت.
١١- ئاهەنگگێڕان لەناو باخچەی هۆتێل و (ڕێستورانت وباڕ) قەدەغەیە جگە لە ئاهەنگی خێزانی.

**ماددەی (٥): مەرجە تایبەتەکان بۆ جۆرەکانی هۆڵ :**

**١- ئاهەنگ لە هۆڵی هۆتێل :**

أ- نابێت هۆڵ دەرگای تایبەتی هەبێت جیاواز لە دەرگای سەرەکی هۆتێل.
ب-مۆڵەتی ئاهەنگ جیاواز دەبێت لە مۆڵەتی هۆتیل.
ج-نابێت دووری نێوان جێگای هۆتیل و شوێنە ئاینیە پیرۆزەکان لە (١٥٠) مەتر کەمتر بێت.
د- ڕێگا نادرێت بەوانەی کە تەمەنیان لە (١٨) ساڵ کەمتر بێت ئامادەی ئاهەنگ بن جگە لە ئاهەنگی خێزانی.
ه- دەکرێت هەمان هۆڵ بەکاربهێنرێت بۆ ئاهەنگی خێزانی.

**٢- ئاهەنگ لە (ڕێستورانت وباڕ) :**

أ- جگە لە دوو دەرگای سەرەکی هۆڵ دەبێت دەرگای دەرچوونی لەناکاو هەبێت.
ب- مۆڵەتی ئاهەنگ جیاواز دەبێت لەمۆڵەتی (ڕێستورانت وباڕ) .
ج- ڕێگا نادرێت بەوانەی کە تەمەنیان لە (١٨) ساڵ کەمتر بێت ئامادەی ئاهەنگ بن
د- ناکرێت هەمان هۆڵ بەکار بهێنرێت بۆ ئاهەنگی خێزانی.
ه- نابێت دووری نێوان (ڕێستورانت وباڕ)و شوێنە ئاینیە پیرۆزەکان لە(١٥٠) مەتر دوجا کەمتر بێت.

**٣-ئاهەنگی خێزانی لە هۆڵی سەربەخۆ :**

أ- جگە لە دوو دەرگای سەرەکی هۆڵ دەبێت دەرگای دەرچوونی لەناکاوی هەبێت.

ب-دەبێت جێگای تایبەت هەبێت بۆ ساردکردن وئامادەکردنی خواردنەوە جۆراو جۆرەکان جگە لە خواردنەوە کهولیەکان.

ج-بوونی ناندینێکی گونجاو بەسەرجەم پێداویستیەکان کە گونجاو بێت بۆ ئامادەکردنی جۆرەکانی خواردەمەنی.

**ماددەی (٦): کاتەکانی ئەنجامدانی ئاهەنگ:**

أ- ئاهەنگ لە هۆتێل لە کاتژمێر (٧)ی ئێوارە تاکو کاتژمێر (١)ی شەو .

ب-ئاهەنگ لە ڕێستورانت وباڕ لە کاتژمێر (٧)ی ئێوارە تاکو کاتژمێر (١)ی شەو .

ج-ئاهەنگی خێزانی لە هۆڵی سەربەخۆ لە کاتژمێر (٢)ی نیوەڕۆ تاکو کاتژمێر (١١)ی شەو .

د- پارێزگاران وبەرپرسی ئیدارە سەربەخۆکان بۆیان هەیە ئەم کاتانە بگۆڕن بەپێی تایبەتمەندی ناوچەکان.

ە- دەکرێت هەر جۆرێك لە جۆرەکانی ئاهەنگ ڕابگیرێت بەبڕیاری تایبەتی بەرپرسی یەکەی ئیداری ڕاستەوخۆ لە کاتی بۆنە ئاینیەکان.

**ماددەی (٧): پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی مۆڵەت :**

١- خاوەن مۆڵەت دەبێت هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی و دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت.

٢- هێنانی ڕەزامەندی بەرپرسی یەکەی ئیداری ڕاستەوخۆی شوێنەکە.

٣-دەبێت هۆتێل یان (ڕێستورانت وباڕ) مۆڵەتی هەبێت لە دەستە.

٤- هۆڵە سەربەخۆکان دەبێت سەنەدی مولکیەتی جێگاکە لەگەڵ گرێبەستی بەکرێگرتنی شوێنەکەیان هەبێت.

٥- هێنانی مۆڵەتی تەندروستی .

٦- هێنانی مۆڵەتی بەرگری شارستانی.

٧- هێنانی ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت.

٨- مۆڵەت تەنها بۆ یەک جێگا دەبێت .

٩- هونەرمەندان دەبێت مۆڵەتیان هەبێت لە وەزارەتی ڕۆشنبیری یان پشتگیری بکرێن لەلایەن سەندیکای هونەرمەندانەوە.

١٠- مۆڵەت بۆ ماوەی یەك ساڵە و لە کاتی نویێ نەکردنەوەی بۆ ماوەی سێ مانگ لە ڕۆژی تەواو بوونی مۆڵەت بە هەڵوەشاوە هەژمار دەکرێت .

١١- هێنانی نوسراوێک بە لاری نەبوونی ژووری بازرگانی لەسەر ناوی شوێنەکە (تایبەت بەهۆڵە سەربەخۆکان) دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دەستە .

**ماددەی (٨): دەست بەرداربوونی مۆڵەت**

خاوەن مۆڵەتی ئاهەنگگێڕان دەتوانێ دەست بەرداری مۆڵەتەکە بێت بۆ کەسێکی تر بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- دەست بەرداربوون (تنازل) لەڕێگای بەڕیوەبەرایەتی یاسایی فەرمانگەکانی گەشتوگوزارەوە بکرێت.

٢- ڕەزامەندی دەستە وەربگیرێت.

٣-کەسی تنازل بۆکراو دەبێت هەموو مەرجەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی ئاهەنگگێڕانی تیدا هەبێت.

**ماددەی (٩): ڕسوماتی دەرهێنانی مۆڵەت :**

(رسومات)ی دەرهێنانی مۆڵەت و نوێکردنەوەی ساڵانە بەپێی ڕێنماییە داراییە کار پێکراوەکان دەبێت.

**ماددەی (١٠): مەرجە گشتیەکان:**

١- پێویستە تۆمارێك (سجل) دابنرێت لەلایەن خاوەن مۆڵەت بۆ تێبینیەکانی لیژنەی پشکنینی بەرێوەبەرایەتی گشتی گەشت وگوزاری پەیوەندیدار.

٢- پابەند بوونی خاوەن مۆڵەت بە ڕێنماییەکانی گەشت وگوزار کە لە دەستە دەردەچێت .

**ماددەی (١١): سەرپێچی و سزا :**

١- هەر کەسێك سەرپێچی ماددەکانی ئەم ڕێنماییە بکات سزا دەدرێ بە ئاگادار کردنەوە بۆ هەڵگرتنی سەرپێچی لە ماوەی (١٥) رۆژ و لە کاتی دووبارە بوونەوە یاخود بەردەوام بوون لە سەرپێچی بۆ ماوەی (١) مانگ شوێنەکە دادەخرێت.

٢- لەکاتی بەردەوامبوون لەسەرپێچی بۆ جاری سێیەم مۆڵەتەکەی پووچەڵ دەکرێت لەلایەن دەستە.

**ماددەی (١٢):**

مۆڵەتی ئاهەنگێران لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی گەشت وگوزاری پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دەردەچێت و لەسەر دەستەیە بەدواداچوونەوەی پێویستیان لەسەر بکات .

**ماددەی (١٣):**

ئەم ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**ساسان عەونی**

**وەزیری شارەوانی و گەشت وگوزار**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ١٤٧٠٨ لە ٢٠٢٢/١٢/٢٢**

**ڕێنمایی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**تایبەت بە پاداشتی ئەنجومەنی شارەوانیەکان**

پاڵپشت بە ماددەی(١٦) لە پەیڕەوی ژمارە (٢)ی ساڵی/٢٠١٩ پەیڕەوی پێکهێنانی ئەنجومەنی شارەوانیەکانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق و بڕگەی (چواردەهەم) لە کۆنووسی لیژنەی دەرکردن وپێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە(٦٩) لە ٢٠٢٢/١١/١٥ بڕیاردرا بە دیاری کردنی پاداشتی مانگانەی سەرۆک و جێگر و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە :-

| پلەی شارەوانییەکان | پاداشتی سەرۆک | پاداشتی جێگری سەرۆک | پاداشتی ئەندام |
|---|---|---|---|
| تایبەت:مەڵبەندی پایتەختی هەرێم | ١١٤٨٠٠٠ | ٩٠٠٠٠٠ | ٨٠٠٠٠٠ |
| **نایاب**:شارەوانییەکانی مەڵبەندی پارێزگاکانی هەرێم | ١٠٢٨٠٠٠ | ٨٠٠٠٠٠ | ٧٠٠٠٠٠ |
| **یەکەم**:شارەوانییەکانی کە ژمارەی دانیشتوانی لە(٧٥٠٠٠)کەس کەمتر نیە | ٧٥٨٠٠٠ | ٧٠٠٠٠٠ | ٥٠٠٠٠٠ |
| **دووەم**:شارەوانییەکانی کە ژمارەی دانیشتوانی لە (١٥٠٠٠)کەس کەمتر نیە | ٦٢١٠٠٠ | ٦٠٠٠٠٠ | ٤٥٠٠٠٠ |
| **سێیەم**:شارەوانییەکانی کە ژمارەی دانیشتوانی لە (٥٠٠٠) کەس کەمتر نیە | ٥٠٩٠٠٠ | ٥٠٠٠٠٠ | ٣٩٠٠٠٠ |
| **چوارەم**:شارەوانییەکانی کە ژمارەی دانیشتوانی لە (٥٠٠٠) کەس کەمترە | ٤٢٩٠٠٠ | ٤٠٠٠٠٠ | ٣٤٥٠٠٠ |

ئەم ڕێنماییە لە بەرواری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**سەندیکای پزیشکانی کوردستان**
**ژمارە: ٤ لە ٢٠٢٣/١/٤**

پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەکانی یاسای سەندیکای پزیشکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٠) وە بڕیاری ئەنجوومەنی باڵای سەندیکای پزیشکان لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بڕیاریدا بە دەرکردنی ئەم رێنماییەی خوارەوە:

**رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**تایبەت بە ئابوونەی سەندیکا**

**ماددەی (١):**

**یەکەم: ئابوونەی ڕەسمی چوونە ناو سەندیکا بەم شێوەیە دەبێت.**

أ- (٦٠,٠٠٠) شەست هەزار دینار ڕەسمی چوونە ناو سەندیکا بۆ پزیشکانی پسپۆری هەرێم.

ب- (١٥,٠٠٠)پانزە هەزار دینار ڕەسمی چوونە ناو سەندیکا بۆ پزیشکانی تری هەرێم.

ج- (٣٥٠,٠٠٠)سێ سەدو پەنجا هەزار دینار ڕەسمی چوونە ناو سەندیکا بۆ پزیشکانی عێراقی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

د- (٧٠٠,٠٠٠)حەوت سەد هەزار دینار رەسمی چوونە ناو سەندیکا بۆ پزیشکانی بیانی کە بڕوانامەیان یەکسان کردبێت.

**دووەم: ئابوونەی نوێکردنەوەی مۆڵەتی ساڵانە بۆ پزیشکانی هەرێم.**

أ- (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار بۆ پزیشکانی نیشتەجێی خولاو دێرین و پلەبەند و شارەزای گشتی وشارەزای لق.

ب- (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار بۆ پزیشکانی ماستەر و هاوتاکانی.

ج- (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار بۆ پزیشکانی بۆرد و هاوتاکانی.

د- (٤٠,٠٠٠) چل هەزار دینار بۆ پزیشکانی راوێژکار.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم: ئابوونەی نوێکردنەوەی مۆڵەتی ساڵانە بۆ پزیشکانی عێراقی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.**

أ- (١٧٠,٠٠٠) سەد و حەفتا هەزار دینار بۆ پزیشکانی نیشتەجێی خولاو دێرین و پلەبەند و شارەزای گشتی و شارەزای لق.

ب- (٢٣٠,٠٠٠) دوو سەد و سی هەزار دینار بۆ پزیشکانی ماستەر و هاوتاکانی.

ج- (٢٨٠,٠٠٠) دوو سەد و هەشتا هەزار دینار بۆ پزیشکانی بۆرد و هاوتاکانی.

د- (٣٥٠,٠٠٠) سێ سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ پزیشکانی ڕاوێژکار.

**دووەم:** ئابوونەی نوێکردنەوەی مۆڵەتی ساڵانە بۆ پزیشکانی بیانی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار.

**ماددەی (٣):**

١- کردنەوەی نۆرینگە بۆ پزیشکانی هاوڵاتی هەرێمی کوردستان یان دامەزراوەی هەمیشەیی هەرێمن (٨٥,٠٠٠) هەشتاو پێنج هەزار دینار بۆ پسپۆران (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار بۆ نوێکردنەوەی ساڵانە.

٢- ئابوونەی مۆڵەتی نۆرینگەی پزیشکانی هاوڵاتی هەرێمی کوردستان یان دامەزراوەی هەمیشەیی هەرێمن شارەزایەکان (٦٠,٠٠٠)شەست هەزار دینار بۆ نوێکردنەوەی ساڵانەی (٣٠,٠٠٠)سی هەزار دینار.

٣- کردنەوەی نۆرینگە بۆ پزیشکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە دامەزراوەی هەمیشەیی نین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردنەوە (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار وە (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ نوێکردنەوەی ساڵانە.

٤- کردنەوەی نۆرینگە بۆ پزیشکانی شارەزای دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە دامەزراوەی هەمیشەیی نین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردنەوە (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار وە (١٥٠,٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ نوێکردنەوەی ساڵانە.

٥- کردنەوەی نۆرینگە بۆ پزیشکانی بیانی کە یەکسانکردنی بڕوانامەی هەبێت دامەزراوەی هەمیشەیی نین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردنەوە (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار وە (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ نوێکردنەوەی ساڵانە.

**ماددەی (٤):**

کردنەوەی نەخۆشخانەی تایبەت (٤,٠٠٠,٠٠٠) چوار ملیۆن دینار بۆ نوێکردنەوەی ساڵانە (١,٥٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار.

**ماددەی (٥):**

ئابوونەی کردنەوەی نورینگەی نەشتەرگەری (دەی کلینیك) بڕی (٢,٣٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن و سێ سەد هەزار دینار و نوێکردنەوەی ساڵانەی (٨٠٠,٠٠٠) هەشت سەد هەزار دینار.

**ماددەی (٦):**

**ئابوونەی ساڵانە بۆ سەنتەر و کۆمەڵگای پزیشکی بەم شێوەی خوارەوە دەبێت.**

١- کردنەوەی سەنتەر بە تابلۆی ناوی بیانی بۆ یەکەم جار (٤,٠٠٠,٠٠٠) چوار ملیۆن دینار وە نوێکردنەوەی ساڵانە (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دینار.

٢- کردنەوەی سەنتەری پزیشکی بە تابلۆی کە ناوی بیانی نەبێت بۆ یەکەم جار (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دینار وە نوێکردنەوەی ساڵانە (١,٥٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار.

٣- کردنەوەی کۆمەڵگای بە تابلۆی ناوی کە بیانی نەبێت بۆ یەکەم جار (١,٤٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن و چوار سەد هەزار دینار وە نوێکردنەوەی ساڵانە (٧٠٠,٠٠٠) حەوت سەد هەزار دینار.

**ماددەی (٧):**

ئابوونەی ساڵانە بۆ ئەو پزیشکانەی کە لە ڕێکخراوەکان کاردەکەن بڕی (٧٠٠,٠٠٠) حەوت سەد هەزار دینار.

**ماددەی (٨):**

تۆمار کردنی نازناوی پسپۆری (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار.

**ماددەی (٩):**

نووسراوی پشتگیری بۆ کۆمپانیاکان (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار.

**ماددەی (١٠):**

نووسراوی پشتگیری بۆ لایەنی پەیوەندی داری (دەرەوەی وولات - کونسلخانە) بە زمانی (ئینگلیزی، عەرەب)ی (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار.

**ماددەی (١١):**

پەسەند کردنی راپۆرتی پزیشکی تەنها (٥,٠٠٠) پێنج هەزار دینار.

**ماددەی (١٢):**

**یەکەم:** ئابوونەی ساڵانەی پزیشکانی بیانی کە بڕوانامەیان یەکسان نەکردووە بڕی (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دیناری عێراقی کە پزیشکێکی باوەرپێکراوی هەرێمی کوردستان بەڵێندەری بێت:

**دووەم:** پێدانی مۆڵەت بۆ پزیشکانی دەرەوەی هەرێم کەتەنها نۆرینگەی تایبەتیان هەیە.

١- رەسمی ئابوونەی مۆڵەتی کاتی پزیشکان بۆ کارکردنی لە هەرێمی کوردستان .

أ- (١,٥٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار بۆ پزیشکانی ڕاوێژکار.

ب- (١,٠٠٠,٠٠٠)یەك ملیۆن دینار بۆ پزیشکانی بۆرد و هاوتاکانی.

ج- (٧٥٠,٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ پزیشکانی ماستەر و هاوتاکانی.

د- (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بۆ پزیشکانی شارەزای لق و گشتی.

٢- ئابوونەی نوێکردنەوەی مۆڵەتی کاتی کارکردنی پزیشکان لە هەرێمی کوردستان .

أ- (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار بۆ پزیشکانی ڕاوێژکار.

ب- (٧٥٠,٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ پزیشکانی بۆرد و هاوتاکانی.

ج- (٥٠٠,٠٠٠)پێنج سەد هەزار دینار بۆ پزیشکانی ماستەر و هاوتاکانی.

د- (٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار بۆ پزیشکانی شارەزای لق و گشتی.

**سێیەم:** بۆ پزیشکانی کە لە پارێزگایەك بۆ پارێزگایەك کاردەکەن پێویستە پزیشکێکی بەڵێندەر هەبێت بڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) بداتە سەندیکا کە نۆرینگەی نابێت تەنها نەشتەرگەری دەکات.

**ماددەی (١٣):**

داهاتی لقی هەولێر بە هاوبەشی لە نێوان ئەنجومەنی باڵا و لقی هەولێر دابەش دەکرێت بە رێژەی (٧٠% )بۆ لق بێت و (٣٠%) بۆ ئەنجومەنی باڵا بێت.

**ماددەی (١٤):**

داهاتی لقی دهۆك بە هاوبەشی لە نێوان ئەنجوومەنی باڵا و لقی دهۆك دابەش دەکرێت بە رێژەی (٨٥%) بۆ لق بێت و (١٥%) بۆ ئەنجومەنی باڵا بێت.

**ماددەی (١٥):**

داهاتی لقی سلێمانی ئەبێتە خەرجییەکانی ئەم لقە.

**ماددەی (١٦):**

دەبێت گشت بڕگەکانی ژمێریاری فەرمی بۆ داهات و خەرجی بەکار بێت، هەروەها لقەکان بەرامبەر دیوانی چاودێری دارایی بەرپرسیار دەبن.

**ماددەی (١٧):**

ئەم ڕێنمایە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**سەرۆکی**
**سەندیکای پزیشکانی کوردستان**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٩) لە ٢٠٢٠/٧/١٥ وە پشت بەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم ) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٢) هەموار کراو ، لە بەرڕۆشنایی بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (١) و لە ماددەی (٨) لە یاسای چاکسازی لە مووچە ودەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هە رێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٠) وە پشت بەست بەحوکمی ماددەی (١٨) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧) ی ساڵی (٢٠٠٦) ی هەموارکراو وە بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە :

چالاک کردنی سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین لە وەزارەتی دارایی وئابووری .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣) ی ساڵی (٢٠٠٧) وە لە بەربەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:-

١- کردنەوەی (هۆبەی خزمەتگوزاری )لەبەرێوەبەرایەتی کارگێری و خۆیەتی لە دیوانی بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە.

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

لەبەربەرژەوەندی گشتی وپاڵپشت بەو دەسەلاتەی پێماندراوە بڕیارماندا بە:-

١-ڕاگرتنی دەوامی فەرمی فەرمانگەی دادنووسی کەلار بۆ ماوەی (٣) سێ رۆژ لە بەرواری (٢٠٢٣/١/٢٤) تاکو (٢٠٢٣/١/٢٦)بەمەبەستی گواستنەوەی فەرمانگەکە .

٢-هەموو فەرمانبەرانی فەرمانگەی دادنووسی کەلار بۆ ماوەی (٣) سێ رۆژلە بەرواری (٢٠٢٣/١/٢٤) تاکو (٢٠٢٣/١/٢٦) لە دەوامی فەرمی خۆیان دەبن .

٣- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت إحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٢٢١ لە ٢٠٢٣/١/١١**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی هەشتەم لە یاسای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا (وەقایعی کوردستان) ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ بڕیارماندا بە :-

راستکردنەوەی ناونیشانی رێنماییمان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە: (ژمارەی کرێکاری بیانی)

- ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (٧١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی شێخ شێروان) لە بەرێوەبەرایەتی تەندروستی دەشتی هەولێر سەربە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/١٢/١٩.

**بەیانی ژمارە (٧٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (نەخۆشخانەی بەحرکە ) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/١٢/١٩.

**د.سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**